# پەیوەندی نائومێدی بە شێوەکانی توندوتیژی لای گەنج- لەژێر ڕۆشنایی تیۆرەکانی نائومێدی "ئەلبەرت کۆهەن" و"جۆن دولارد" (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی ڕاپەڕین)

**داستان عمر محمود[1]، بەسیدە حیدر انور[2]**

[1]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕتی، زانکۆی ڕاپەڕین، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] بەشی پەروەردە و دەرونزانی، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئامانجی سەرەکیی ئەو توێژینەوەیە، بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان نائومێدی و شێوەکانی توندوتیژی و پێوانەکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە و دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە. بۆ شیکردنەوەی ئامانجەکان، توێژەران سودیان لە میتۆدی وەسفی بە ڕێگەی ڕوپێوی کۆمەڵایەتیی بەنمونە وەرگرتووە، بۆ ئەو مەبەستەش فۆڕمێکی ڕاپرسییان ئامادەکردووە، پێوەری نائومێدی کە لە (28) بڕگە و پێوەری ڕەفتاری شێوەکانی توندوتیژیش لە (30) بڕگە پێکهاتبو، کە تەواوی تایبەتمەندییە سایکۆسۆسیۆمەترییەکان بۆ پێوەرەکان ئەنجامدراوە. هاوکات بە شێوەی هەڕەمەکیی چینایەتیی ناڕێژەیی نمونەیەکی ( 360) کەسی خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕینیان وەرگرتووە، کە بە ڕێژەی یەکسان (180) کەس لە ڕەگەزی مێ و (180) کەس ڕەگەزی نێر وەرگیراون. بۆ شیکردنەوەی داتا بە دەستهاتوەکانیش توێژەران سودیان لە پرۆگرامی (SPSS) وەرگرتووە. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە، برتییە لە : بەشێوەیەکی گشتی نائومێدی و شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی لای نمونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. هەروەها دەرکەوتووە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا سەبارەت بە نائومێدی هەیە، بەجۆرێك ڕەگەزی نێر، بەبەراورد بە ڕەگەزی مێ، زیاتر نائومێدن. هاوکات ڕەگەزی نێر، بەبەراورد بە ڕەگەزی مێ، زیاتر ڕەفتاری توندوتیژیی( جەستەیی و هێمایی) ئەنجام دەدەن، بەڵام سەبارەت بە توندوتیژیی (زارەکی) زیاتر ڕەگەزی مێ ئەنجامی دەدات، بەبەراورد بە ڕەگەز نێر. هەروەها ئەو خوێندکارانەی ئاستی ئابوریی خێزانیان خراپە، زیاتر نائومێدییان لا دەرکەوتووە. لەکۆتایشدا دەرکەوتووە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماریی ڕاستەوانەی مامناوەند لە نێوان نائومێدی و توندوتیژی بە گشتی و توندوتیژیی (جەستەیی و زارەکی و هێمایی)دا هەیە. واتە هەرچەندی ئاستی نائومێدی بەرزبێتەوە ئەوا شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژیش بەرزدەبێتەوە. بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

**وشە سەرەکییەکان:** نائومێدی، ڕەفتار، توندوتیژی، ئەلبەرت کۆهەن، جۆن دولارد

## پێشەکی

لەڕۆژگاری ئێستا، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی تەواوی جومگەکانی (کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری)یان گرتۆتەوە، وایانکردووە تاکەکانی کۆمەڵگە گەیشتن و بەدیهێنانی ئەو ئامانج و ئاواتانەی هەیانە، بەبەراورد بە ڕابردو، سەخت و دژواربێت بۆیان. بە دەربڕینێکی تر لەلایەك پانتایی ئامانج و ئاواتەکانی تاك فراوان و فرە جۆرە، لەلایەکی تریش بەربەست و ڕێگرییەکان زۆرتر و سەختترن، جا ئەم ڕێگری و بەربەستانە چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، یاخود تاك بێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی نائومێدی وەك گرفتێك بەبەراورد بەڕابردو لەئاستێکی فراوانتر دابێت و زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بە پلەی جیاواز بگرێتەوە. بەهۆی ئەوەی توێژی گەنج، بە بەراورد بە توێژەکانی تر، ئاستی ئامانج و ئاواتەکانی فراوانتر و زۆرترە؛ بۆیە لێکەوتەکانی نائومێدییش لەسەر ئەم توێژە زیاتر، بەبەراورد بە توێژەکانی تر، بەدەردەکەوێت. واتە نائومێدی وەك گرفتێکی دەرونی و کۆمەڵایەتی، وابەستە و پەیوەستە بە باردۆخ و ژینگەی کۆمەڵایەتیی ئەو تاکەی کە تێیدا دەژیت. بەجۆرێك ئەو باردۆخ و ژینگەی کەتاك تێیدا دەژیت هاوکار و یارمەتیدەر نەبن لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا، نائومێدی وەك وروژێنەرێك لای تاك

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٢ شوبات ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ٢٨ ئادار ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٨ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: dastan.omer@uor.edu.krd
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ داستان عمر محمود، بەسیدە حیدر انور گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp58-72

بەدەردەکەویت، کە وەڵامدانەوەی ئەم نائومێدیەش زۆرجار بە شێوەی نەرێنی دەبێت. وەك وەڵامدانەوەی نائومێدی بەشێوەی ڕەفتاری (توندوتیژی).

بێگومان ڕەفتاری توندوتیژیش دوو ئاراستەی هەیە. یەکەم: ئاراستەی رووەخود لە شێوەی توندوتیژیی جەستەیی و زارەکی؛ جەستەیی وەك زیانگەیاندنی جەستەیی بە خودی خۆی، زارەکیش وەك قسەپێوتن و سەرزەنشتکردنی خود. دووەم: رووولەخەڵکانی تر لە شێوەی توندتیژی جەستەیی، زارەکی و هێمای.

## ١. ڕەهەندە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### ١.١ گرفتی توێژینەوەکە:

لە رۆژگاری ئەمرۆدا بە شێوەیەك لە شێوەکان نائومێدی لەسەر ئاستی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەدی دەکرێت، بەڵام زیاتر ئەم نائومێدییە لای توێژی گەنج بەدی دەکرێت. لێکەوتەکانیش زیاتر لەسەر ئەم توێژەیە. بە جۆرێك لە زانکۆکان هەست بەو نائومێدیە لای خوێندکارانی زانکۆ دەکرێت، بەڵام ئاستی ئەو نائومێدیە بە پێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان نەزانراوە، هاوکات پێوانەی ئاستی نائومێدی بە شێوەیەکی زانستی نەخراوەتەڕو. لەکاتێدا نائومێدی وەك گرفتێك، لێکەوتەی کۆمەڵایەتی و دەروونیی لەسەر کەسی نائومێد دروستدەکات، هەروەها نائومێدی بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر شێوەکانی ڕەفتار و کەسایەتیی تاك هەیە.

ڕەفتاری توندوتیژیش پرسێکی کۆمەڵایەتییە، کە لە تەواوی ناوچە جوگرافیەکان و لە نێوان تەواوی گروپە دینی و نەتەوەییەکان و لە هەمو ئاستەکانی خوێندن و ئابوری و پیشەییەکان بەدی دەکرێت (هزارجریبی و میرزایی، 2017: 84). هەروەها لە تەواوی توێژ و چین و تەمەنێك بەدی دەکرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی شێوە جیاوازەکانی ڕەفتاری توندوتیژی زیاتر لای توێژی گەنج بەدی دەکرێت. بە جۆرێك ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکان لە هەموو جیهاندا، ڕۆژانە، ڕەفتاری توندوتیژیی گەنجان لە قوتابخانە، زانکۆ و شەقامەکان بڵاو دەکەنەوە. هاوکات قوربانیانی توندوتیژی زیاتر لە هەر چینێکی تر چینی گەنجن(Krug and other, 2001:104). بۆیە لەمیانی تێبینیکردنی توێژەران بۆ نائومێدی و شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی لای خوێندکارانی زانکۆ و دروستبونی چەندین گرفت لە بەردەم پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەلایەك و مامۆستایانی زانکۆ لەلایەکی تر، ئەم گرفتە وای لە توێژەران کرد، توێژینەوەیەك بەناونیشانی (***پەیوەندیی نائومێدی بە شێوەکانی توندوتیژی لای گەنج لەژێر ڕۆشنایی تیۆرەکانی نائومێدی"ئەلبەر کوهەن" و "جۆن دولارد"*** )ئەنجامبدەن. بەشێوەیەکی سەرەکی گرفتی توێژینەوەکە ئەم پرسیارانە لە خۆ دەگرێت:

أ. ئایا نائومێدی پەیوەندیی بە ڕەفتاری توندوتیژی لای خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین هەیە؟

ب- ئاستی نائومێدی و شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی لای خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین لە چ ئاستێکدایە؟

ج- ئایا گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان گۆڕانکاری لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەکەن؟

### ١.٢ گرنگیی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە گرنگیی تایبەت بە خۆی هەیە، چونکە ئەم پەیوەستە بە گرفتێکی هەنوکەیی. هاوکات ئەو داتاو زانیاریانە دەخاتەڕو، کە لە واقعی کۆمەڵگەی لێتوێژراوان دەستکەوتون، بە شێوەیەکی بابەتیانە ڕاستیی بوونی ئەو بابەتەی توێژەران هەڵوەستەیان لەسەر کردووە، دەخاتەڕو. هەروەها ئەم توێژینەوەیە ئاستی نائومێدی لە ژێر ڕۆشنایی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان لای توێژی گەنج دەخاتەڕو، ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ ئەوەی توێژینەوەی تر ئەنجام بدرێت لەسەر ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و دەرونیانەی بونەتەهۆی دروستبونی نائومێدیی گەنج. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەروەردە و فێرکردن؛ بۆ زیاتر ئاشنابون بە پەیوەندیی نێوان نائومێدی و ڕەفتاری توندوتیژی گەنجان. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ گرتنەبەری ڕێگەچارە و دانانی پلانێکی گونجاو لە پێناو چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی ئەم گرفتە.

### ١.٣ ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

أ- پێوانەکردنی ئاستی (نائومێدی و شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی) لای خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین.

ب- دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی(ڕەگەز، باری ئابوری و کۆلێژ،) لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

ج- دیاریکردنی پەیوەندیی نائومێدی بە شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی لای خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین.

## ٢. چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

### ٢.١ نائومێدی (Frustration):

نائومێدی یەکێکە لە چەمکە ئاڵۆزەکان، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو پێناسانەی بۆ ئەم چەمکە کراوە لەڕوی بونیادییەوە، چونیەك و هاو واتان لەگەڵ یەکتریدا.

نائومێدی هەست و سۆزێکی نەرێنییە، لە ئەنجامی ڕوبەڕوبونەوەی بەربەست و ئاستەنگ لەبەردەم ئامانج و تێرکردنی خواستەکانی تاك، وەك وروژێنەرێك سەرهەڵدەدات (Gulzar and other,2012:8). بە هەمان شێوە لە فەرهەنگی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەم شێوەیە پێناسە کراوە: نائومێدی بریتییە لە هەستێك، لە ئەنجامی ڕێگریکردن و پوچەڵکردنەوەی پێویستییەکی هەستپێکراو، یاخود هەستەکان دروست دەبێت(Jahan and Khan, 2018:396). لە کاتێکدا (مۆریس- Morris) سەبارەت بە پێناسەی نائومێدی دەڵێت: نائومێدی پەککەوتنی کەسێکە لە بەدیهێنانی ئامانجەکەی، یاخود بێبەشکردنی لە گەیشتن پێی بەهۆی ئاستەنگێك، یان وەستانی کەسێك لە ڕێگەی بەدیهێنانی ئامانجەکەیدا(Morris,1993:518).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp58-72

لە میانەی ئەو پێناسانەی خرانەڕو، دەتوانین پێناسەیەک بۆ چەمکی نائومێدی بکەین، کە لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکەماندا دەگونجێت، بریتییە لەوەی: "دۆخێکی هەڵچوونییە، تاك ناتوانێت بە حەز و ئامانجەکانی بگات، بەهۆی بونی بەربەست، جا ئەو بەربەستانە خودی تاك خۆی بێت، یان ژینگەی کۆمەڵایەتی وەك (خێزان، کۆمەڵگە)".

### ٢. ٢ توندوتیژی (Violence):

چەمکی توندوتیژی یەکێکە لەو چەمکانەی، کە زۆرێك لە دەرونزان و کۆمەڵناسان پێناسەی جیاوازیان بۆ کردووە. ئەمەش لەلایەك بۆ خودی چەمکی توندوتیژی دەگەڕێتەوە؛ بەو پێیەی چەمکێکی ئاڵۆزە، لەلایەکی تریشەوە بۆ جیاوازیی بیروبۆچونی ئەو قوتابخانە و ئاراستە هزریانە دەگەڕێتەوە کە دەڕواننە ئەم چەمکە .

توندوتیژی ڕەفتارێکی ئاگایانەیە، کەسێك بە ئامانجی ئازاردانی جەستەیی و زیانگەیاندن بە کەسێك، ئەنجامی دەدات (کرمان و سیداباد، 2019: 64).

(ئەربلاستەر-Arblaster)ش دەربارەی ڕەفتاری توندوتیژی دەڵێت:" توندوتیژی بریتییە لە ڕەفتارێکی مەبەستدار، کە تاکێک هێزی جەستەیی بەکاردەهێنێت بە مەبەستی زیانگەیاندن و بریندارکردنی مرۆڤ و بونەوەری تر، یاخود زیانگەیەندن بە شتە ماددییەکان(Arblaster, 1975: 227).

بەهەمان شێوە زانای دەرونزانیی کۆمەڵایەتی (بیرکۆویتز-Berkowitz) سەبارەت بە پێناسەی ڕەفتاری توندوتیژی دەڵێت: توندوتیژی کردەیەکی مەبەستدارە، کە زیانی جەستەیی و دەرونی بە بونەوەرێکی زیندو یان کۆمەڵێك زیندەوەر دەگەیەنێت(برکویتز، 2008: 43). لە فەرهەنگی کۆمەڵناسیدا توندوتیژی بەوە پێناسەکراوە، کە گوزارشتێکی توندە لەو هێزەی بەسەر ژیانی تاك یان کۆمەڵدا پیادە دەکرێت، کە شێوازی فیزیکی "جەستەیی" وەك لێدان یان شێوازی فشاری کۆمەڵایەتی وەردەگرێت(بدوی،1987: 441).

مەبەستی توێژەران لە چەمکی توندوتیژی لەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی: "ڕەفتارێکی مەبەستدارە، کە کەسێك بە شێوەی جەستەیی و زارەکی و هێمایی هەوڵدەدات ئازاری جەستەیی و دەرونیی کەسێکی تر بدات، یاخود زیان بە شتە ماددییەکان بگەیەنێت.

### ٢. ٣ گەنج (Youth):

لە ڕاستیدا هیچ پێناسەیەکی گشتگیر و پەسەندراو بۆ گەنج نییە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی تەمەنی گەنج بە پێی کۆمەڵگەکان جیاوازیی هەیە، هاوکات بە پێی ڕوانگەی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و یاساناسان جیاوازە، بەڵام بەپێی زمانەوانی گەنج ئاماژەیە بە شتێکی نوێ و تازە، کە زۆر ژیانی نەکردبێت. زانای کۆمەڵناسی ئەڵمانی(شافێرز-Shafferz) لە کتێبی *(مبانی جامعەشناسی جوانان)*، سەبارەت بە گەنج دەڵێت: "گەنجی بریتییە لە ماوەی تەمەنی (13تا 25) ساڵی، بە بڕوای ئەو کۆمەڵناسەکان گرنگی بەم قۆناغە دەدەن، چونکە ئەم قۆناغە پەیوەستە بەشێوە ڕفتار و هەڵوێستێکی تایبەتەوە. هاوکات شافێرز بە پشتبەستن بە تایبەتمەندییە جەستەیی و دەرونییەکانی مرۆڤ، تەمەنی گەنجی بەسەر سێ قۆناغ دابەش دەکات:

**قۆناغی پێگەیشتنی جنسی:** تەمەنی(13-18) ساڵییە.

**قۆناغی دوای پێگەیشتنی جنسی:** تەمەنی(18-21)ساڵییە، کە بە ماوەی گەشەکردنی گەنجان دادەنرێت.

**قۆناغی گەنجی:** تەمەنی(21-25) ساڵی یان زیاتر، ئەو قۆناغەیە کە مرۆڤ لەڕوی بنەما و ڕەفتاری کۆمەڵایەتییەوە هێشا گەنجە (شفرز، 2004: 23-25).

هەروەها نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە گەنج دەڵێن: گەنج ئەو کەسەیە کە تەمەنی لە نێوان15-24 ساڵیدایە ( Krishnan and Sethuramalingam, 2017:2).

لە کاتێکدا ئەنجومەنی ئاسایشی گەنجان دەڵێت: گەنج ئەو گروپە تەمەنەیە، کە تەمەنیان لە نێوان (18-29) ساڵیدایە ( عبدالرضا و علي، 2021: 209).

لە میانی ئەو پێناسانەی کە خرایەڕوو، پێناسەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ تەمەنی گەنجی لە گەڵ ئەم توێژینەوەیە دەگونجێت کە، گەنج بریتییە لەو کەسانەی (نێر، مێ)، کە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (18-24) ساڵی.

## ٣. توێژینەوەکانی پێشو:

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا هەوڵیانداوە ئەو توێژینەوانە بخەنەڕو، کە لە ناونیشانی توێژینەوەکە نزیکن، یاخود یەکێك لە گۆڕاوەکانی هاوشێوەی گۆڕاوێکی ئەم توێژینەوەیە. ئەمەش بە ئامانجی سودوەرگرتن و بەراوردکردنی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشو بە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە.

### ٣. ١ خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو

**یەکەم:** توێژینەوەی **(ذیاب،2011)** بەناونیشانی **(*الإحباط وعلاقته ببعض المتغيرات لدى طلبة الجامعات العراقية)*"** نائومێدی و پەیوەندی بە هەندێك گۆڕاو لای خوێندکارانی زانکۆ عێراقییەکان".

ئامانجی توێژینەوەکە، بریتییە لە پێوانەکردنی ئاستی نائومێدی لای خوێندکارانی زانکۆ. هەروەها زانینی ڕۆڵی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز و باری کۆمەڵایەتی)ی خوێندکاران لەسەر ئاستی نائومێدی. بۆ ئەو مەبەستەش سودی لە میتۆدی پەسنیی شیکاری وەرگرتووە. نمونەکەی لە (125) خوێندکاری قۆناغی چواری هەردو زانکۆی بەغدا و موستەنسەریە پێکهاتووە. نمونەکەشی بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژاردووە. توێژینەوەکە دەریخستووە، کە نائومێدی لای خوێندکارانی زانکۆ بە شێوەیەکی گشتی هەیە. هەروەها دەرکەوتووە کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی نائومێدی، بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز لەلای خوێندکارە کچەکاندا. واتە خوێندکارە کچەکان زیاتر توشی نائومێدی بوون. لە کۆتاییشدا توێژینەوەکە دەریخستووە ئەو خوێندکارانەی پرۆسەی هاوسەگیرییان ئەنجامداوە، زیاتر توشی نائومێدی بوون بەبەراورد بەو خوێندکارانەی سەڵتن.

**دووەم:** توێژینەوەی **(صومعە و دیگران، 2012)** بەناونیشانی ***(بررسی عوامل اجتماعی پدیدە خشونت در بین جوانان)*** "لێکۆڵینەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی دیاردەی توندوتیژی لە نێوان گەنجاندا".

ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە، دەرخستنی ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییە کاریگەرانەیە، کە دەبنەهۆی دەرکەوتنی توندوتیژی لای گەنجانی "15-29" ساڵی. بۆ ئەو مەبەستەش سودیان لە میتۆدی پەسنی بە ڕێگەی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە وەرگرتووە. نمونەکەیان لە (400) گەنجی تەمەنی نێوان "15-29" شاری ئیلام پێکهاتووە. سەرەتا بە شێوەی هەڕەمەکیی چەند قۆناغ قەبارەی نمونەکەیان دیارکردووە و دواتر بە شێوەی هەڕەمەکیی سادە یەکەی نمونەکەی هەڵبژاردووە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیان نیشانداوە، کە دیاردەی توندوتیژی لە نێوان گەنجاندا بڵاوە، هەروەها ئەوەیان خستۆتەڕو، کە پەیوەندییەکی پێچەوانە لە نێوان باردۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دیاردەی توندوتیژی لە نێوان گەنجاندا هەیە، واتە هەرچەندە باردۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتیی تاك بەرزبێتەوە، توندوتیژیی گەنجان کەم دەبێتەوە، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە. لە کۆتاییدا توێژینەوەکە ئەوەی نیشانداوە، کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە لەنێوان نائومێدی و توندوتیژی لە نێوان گەنجاندا هەیە. واتە هەرچەندە نائومێدی لای گەنج زیاد بکات ئەوا توندوتیژیش زیاد دەکات، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

**سێیەم:** توێژینەوەی **(حسین، 2014)** بە ناونیشانی **(أسباب العنف الجامعي وأشكاله من وجهة نظر عينة من الطلبة الجامعيين)**. "هۆکارەکانی توندوتیژیی زانکۆیی و شێوەکانی لە تێڕوانینی نمونەیەک لە خوێندکارانی زانکۆوە"

ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە زانینی هۆکارەکانی توندوتیژیی زانکۆیی و شێوەکانیەتی لە تێڕوانینی نمونەیەک لە خوێندکارانی زانکۆی البتراء. هەروەها ئاشکرا کردنی ڕادەی جیاوازیی ئەم هۆکارانە و ئەم شێوانەی توندوتیژی بەپێی جیاوازیی ڕەگەز و ئاستەکانی خوێندنی خوێندکاران. بۆ ئەو مەبەستەش سودی لە میتۆدی پەسنی وەرگرتووە. نمونەکەیان لە (331) خوێندکار پێکهاتووە؛ (163) کوڕ و (168) کچ. نمونەکەشی بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لەو خوێندکارانەی، بەهۆی کەمیی نمرەکەیان لە بەشی دڵخوازی خۆیان ناویان نەهاتۆتەوە، هەڵبژاردووە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیان نیشانداوە، کە ڕەفتاری توندوتیژی بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستێکی مامناوەندایە لای خوێندکارانی زانکۆ. هەروەها جیاوازی لە پلەی ڕەفتاری توندوتیژی، بەپێی گۆڕاوی قۆناغەکانی خوێندن، هەیە. هاوکات جیاوازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا هەیە لە دیارکردنی هۆکارەکانی توندوتیژی. لە کۆتاییشدا توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستووە، کە توندوتیژیی (دەرونی) زیاتر باوە لەنێوان خوێندکاراندا. دوای ئەویش توندوتیژیی جەستەیی دێت. دواتریش توندوتیژیی (کەلوپەل، یاخود موڵکوماڵ) دێت.

**چوارەم:** توێژینەوەی **(Chatterjee,2016)** بەناونیشانی ***(Frustration and Aggression Among Adolescents)*** "نائومێدی و شەڕانگێزی لە نێوان هەرزەکاراندا".

ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکە زانینی کاریگەریی گۆڕاوەکانی "ڕەگەز و باری ئابوری و کۆمەڵایەتی"یە، لەسەر نائومێدی و ڕەفتاری شەڕانگێزیی هەرزەکاران، هەروەها دەرخستنی پەیوەندیی نێوان نائومێدی و شەڕانگێزی. بۆ ئەو مەبەستەش سودی لە میتۆدی وەسفی وەرگرتووە. نمونەکەی لە (320) خوێندکار پێکهاتووە؛ (160) کچ و (160) کوڕ، تەمەنیان لە نێوان(16-19) ساڵیدایە. نمونەکەشی بە شێوەی هەڕەمەکیی سادە لە قوتابخانە جیاوازەکانی شاری ڕانچی هەڵبژاردووە. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوەیان نیشانداوە، کە جیاوازییەکی کەم لە ئاستی نائومێدی لە نێوان خوێندکارە کچ و کوڕەکاندا هەیە، بەڵام دەرکەوتووە ئاستی ڕەفتاری شەڕانگێزیی خوێندکارە کچەکان بەرزترە لە کوڕەکان. هەروەها ئەو خوێندکارانەی ئاستی ئابوری و کۆمەڵایەتیی بەرزیان هەیە، زیاتر شەڕانگێزن، بەڵام سەبارەت بە نائومێدی، ئەو جیاوازییە نییە. لە کۆتاییشدا دەرکەوتووە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان و نائومێدی و شەڕانگێزیدا نییە.

## ٢.٣ تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشو

ئامانج لە خستەڕوی توێژینەوەکانی پێشو، سودوەرگرتنە لەڕوی تیۆری و مەیدانییەوە. هەروەها بەئامانجی سودگەیاندن بە توێژینەوەکە لە میانی بەراوردکردنی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکانی پێشو پێکەیشتون.

سەبارەت بە توێژنەوەی (ذیاب، 2011) ڕاستەخۆ پەیوەستیی بە گۆڕاوی سەربەخۆی (نائومێدی)ی توێژینەوەکەمان هەیە. کە ئاستی نائومێدی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و ئاستی خوێندنی خوێندکارانی زانکۆی خستۆتەڕو، ئەمەش یەکێکە لە ئامانجەکانی توێژینەوەکەمان، کە پێوانەکردنی ئاستی نائومێدییە لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان. ئەمەش گرنگیی خۆی هەیە بۆ ئەوەی بزانین بەهەمان ئەنجام دەگەین یاخود نا. هەروەها توێژینەوەکانی (صومعە و دیگران، 2012) و (حسین، 2014) ڕاستەخۆ پەیوەندییان بە گۆڕاوی شوێنکەوتو (توندوتیژی)ی توێژینەوەکەمان هەیە. کە ئاستی ڕەفتاری توندوتیژی و ئاستی شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژیی خوێندکارانی زانکۆیان بەپێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان خستۆتەڕو. ئەمەش یەکێکە لە ئامانجەکانی توێژینەوەکەمان کە پێوانەکردنی ئاستی شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژییە. سەبارەت بە توێژینەوەکەی (Chatterjee,2016) هەردو گۆڕاوی توێژینەوەکەمان لەخۆدەگرێت. کە پەیوەندیی نێوان نائومێدی و ڕەفتاری توندوتیژیان خستۆتەڕو، ئەمەش ئامانجی سەرەکیی توێژینەوەکەمانە کە زانینی پەیوەندیی نێوان ئەو دو گۆڕاوەیە.

بەشێوەیەکی گشتیش لەڕوی میتۆدەوە توێژینەوەکان بە هۆی سروشتی بابەتەکانیانەوە میتۆدەکانی (پەسنی، پەسنیی شیکاری)یان بەکارهێناوە. هاوکات میتۆدی بەکارهاتوی ئەم توێژینەوەیەش پەسنی بە ڕێگەی ڕپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونەیە . هەمویان بە شێوەی هەڕەمەکیی نمونەکەیان هەڵبژاردووە. قەبارەی نمونەی توێژینەوەکانیش لە نێوان(125-400) یەکەیە. یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکانیش تەمەنیان لە نێوان(15-29) ساڵیدایە. لەڕوی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییش توێژینەوەکان فۆرمی پێوەریان بەکارهێناوە. گرنگترین ئەو ئامرازە ئامارییانەی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp58-72

بەکاریشیان هێناوە( ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، تاقیکردنەوە تائییەکان، پێرسۆن، ریگرەیشن، ئەلفاکرۆنباغ، ئانۆڤا، فیشەر)ە.

## ٤. تیۆرەکانی پەیوەست بە توێژینەوەکە:

هەریەك لە تیۆری نائومێدی پێگەی کۆمەڵناسی ئەمریکی(ئەلەبرت کۆهەن) و تیۆری نائومێدی شەڕانگێزی زانایانی دەرونزانی کۆمەڵایەتی (دولارد و ئەوانی تر) دەخەینەڕو، کە هەردو تیۆرەکە پەیوەستن بە گۆڕاوی سەربەخۆ و شوێنکەوتوی توێژینەوەکە.

### ٤. ١ تیۆری نائومێدی- شەڕانگێزی جۆن دولارد و ئەوانی تر" Aggression "Frustration-Theory

لە ڕاستیدا ئەم تیۆرە پەیوەندیی نێوان نائومێدی و شەڕانگێزی شرۆڤە دەکات. لەکاتێدا ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات پەیوەندیی نائومێدی و ڕەفتاری توندوتیژی بخاتەڕوو. بەڵام خۆی ڕەفتاری شەڕانگێزی و توندوتیژی جیاوازییەکەیان تەنها لە پلە و چەندێتیدایە. بە جۆرێك هەمو ڕەفتارێکی توندوتیژی شەڕانگێزییە، بەڵام هەمو شەڕانگێزییەك توندوتیژی نییە وەك "مانگرتن". هەروەها توندوتیژی لەڕوی پلەوە بەهێزتر و توندترە لە شەڕانگێزی. واتە ئەم تیۆرە پەیوەستە بەگۆڕاوی سەربەخۆ و شوێنکەوتوی توێژینەوەکە.

تیۆری نائومێدی- شەڕانگێزی لە ساڵی (1939) لەسەر دەستی کۆمەڵێك زانای دەرونزانیی کۆمەڵایەتی وەك (دولارد، میللەر، سیرز، دۆب)، داهێندرا. بنەمای تیۆرەکەش لەسەر گریمانەی پێکەوەبەستراویی نائومێدی و ڕەفتاری شەڕانگێزی خرایەڕو، کە نائومێدی، وەك وروژێنەر و شەڕانگێزی "توندوتیژی"ش وەك وەڵامدانەوە(محمود و بکر،2023: ٦٧). واتە پێیان وابوو ناکرێت ڕەفتاری شەڕانگێزی و توندوتیژی بەبێ نائومێدی هەبێت(Breuer and Elson, 2017:1-2)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گریمانەی ئەوەیانکرد، ئەگەر نائومێدی تاکە هۆکاری ڕەفتاری شەڕانگێزی و توندوتیژیش نەبێت، ئەوا یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی زیادبونی ڕەفتاری شەڕانگێزی و توندوتیژی لای تاك (بابائی و دیگران، 2013: 5). هاوکات لایەنگرانی ئەم تیۆرە، پێیانوایە ئێمە بە سروشت شەڕانگێز و توندوتیژ نین، بەڵام کاتێك مرۆڤ ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە و ڕوبەڕوی ئاستەنگ دەبێتەوە، ناتوانێت ئامانجەکە بهێنێتە دی، بەمەش نائومێدی لای دروست دەبێت. ڕەفتاری شەڕانگێزی یاخود توندوتیژی، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ نائومێدییەکە دەردەکەوێت (Ramirez,1996:33). ئەم نائومێدییەش لە ئەنجامی فشاری بەردەوام لە ژینگەی کۆمەڵایەتی، وەك "خێزان و کۆمەڵگە" دروست دەبێت(دافیدوف، 1992: 507). پێشەنگانی تیۆری نائومێدی- شەڕانگێزی لە توێژینەوەکەیان سەبارەت بە پەیوەندیی نائومێدی و ڕەفتاری شەڕانگێزی، بە هەندێك ئەنجام گەیشتن، لەوانە:

أ- توندیی ڕەفتاری شەڕانگێزی بە جیاوازیی بڕی ئەو نائومێدییەی ڕوبەڕوی تاك دەبێتەوە، دەگۆڕێت. جیاوازیی بڕی نائومێدییش ئاماژەیە بۆ سێ هۆکاری سەرەکی: (پلەی گرنگیی ئەو ئامانجەی تاك هەوڵی بۆ دەدات، توندیی ئارەزو لە وەڵامدانەوەی نائومێدییەکە، ژمارەی ئەو جارانەی ئاستەنگ بۆ هەوڵەکانی تاك دادەنرێت، لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی).

ب- دەستەپەڵگرتن و وازهێنان لە ڕەفتاری شەڕانگێزی لە سەرچاوەی نائومێدییەکاندا، وەك نائومێدییەکی تر دادەنرێت، کە دەبێتە هۆی ئارەزوی زیاتری تاك، بۆ ڕەفتاری شەڕانگێزی دژی سەرچاوەی سەرەکیی نائومێدییەکە. ( Aronson, and other, 2015:388).

لە کۆتاییدا ئەم تیۆرە پێیوایە ڕەفتاری شەڕانگێزی و توندوتیژی بەبێ نائومێدی دروست نابێت. نائومێدییش لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و بە پاڵنەری دەرەکی و خودی دروست دەبێت، کاتێك بەربەست دێتە بەردەم ئامانج و خواستەکانی تاك، جا ئەو بەربەستانە خودی خۆی بێت یاخود لە لایەن کەسانی دەوروبەری. بۆیە تاك ڕەفتاری توندوتیژی و شەڕانگێزی دژی ئەو سەرچاوەی بۆتەهۆی بەربەست لەبەردەم خواست و ئامانجەکانی ئەنجام دەدات. واتە نائومێدی وروژێنەر و ڕەفتاری شەڕانگێزیش وەڵامدانەوەیە.

کەواتە دەتوانین بڵێین خوێندکارانی زانکۆش چەندین ئامانج و خواستی "کاتی، مامناوەند، درێژمەودا" یان هەیە. ئەو ئامانج و خواستانەش پەیوەستن بەلایەنی (خوێندن، دەرونی و سۆزداری، ئابوری و کۆمەڵایەتی). کاتێکیش ئەو ئامانجە بەدەست ناهێنێت بەهۆی بونی بەربەست، جا خودی خۆی هۆکار بێت، یاخود کەسانی دەوروبەری، ئەوا توشی نائومێدی دەبێت، لەم باردۆخەشدا بە پێی ئەم تیۆرە ڕەفتاری شەڕانگێزی یاخود توندوتیژی وەك وەڵامدانەوەیەك دەردەکەوێت. بۆنمونە ئەو خوێندکارەی بەهۆی ئەوەی لەو بەشە ناوی نەهاتۆتەوە کە حەزی پێدەکات، یاخود گریمانەی ئەوە دەکات دوای تەواوبونی خوێندنەکەی دانامەزرێت و ناتوانێت کارێك بدۆزێتەوە. یاخود شکستهێنان لە بەدەسهێنانی(دەرچون، نمرەیەکی باش، خۆشەویستی). ئەو بەرەبەستانەش هەر لایەنێك و کەسێك بێت. ڕەنگە نائومێدیی لادروست بکات و ڕەفتاری توندوتیژی وەك وەڵامدانەوەیەك لای خوێندکارەکە دەردەکەوێت.

### ٤. ٢ تیۆری نائومێدیی پێگە- ئەلبەرت کۆهەن (Status Frustration Theory)

ئەم تیۆرە بە یەکێك لە تیۆرە گرنگەکانی شیکردنەوەی ڕەفتاری لادەرانەی تاك دادەنرێت. لە ڕاستیدا (ئەلەبەرت کۆهەن) لە ساڵی (1955) ئەم تیۆرەی لەژێر ڕۆشنایی تیۆری فشاری"ئانۆمی" زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی (رۆبەرت مێرتۆن) بۆ شیکردنەوەی ڕەفتاری لادەرانەی هەرزەکار و گەنج خستەڕو.


مێرتۆن لەو باوەڕەدابو کاتێك کەسانێك ئامرازی دروستیان "مشروع" بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان نییە، هەست بە فشار دەکەن و لە ئەنجامی ئەم فشارە ڕەنگە ڕێگەی نادروست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بگرنەبەر و ڕەفتاری لادەرانە و توندوتیژی ئەنجام بدەن (گیدنز،1997: 141).

کۆهەنیش پێیوایە گەنجان بەهۆی نزمیی پێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتیی دایبابیان دوچاری نائومێدی دەبن لە ئەنجامی نەگەیشتن بە پێگەی بەرزی ئابوری و

کۆمەڵایەتی. بە واتەیەکی تر پێیوایە چینی نزمی کۆمەڵگە لە گەیشتنیان بە پێگەی بەرز دوچاری نائومێدی دەبن. لەهەمانکاتدا کۆمەڵگە هانیاندەدات بۆ گەیشتنیان بە پێگەی بەرز، بەڵام توانای دەستپێگەیشتیان نییە، لەبەرامبەردا چینی ناوەڕاست توانای گەشتنیان بە پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتی و ئابوری و خوێندن هەیە. ئەمەش وا لە هەرزەکار و گەنجانی چینی خوارو دەکات توشی نائومێدی بن. ئەم نائومێدییەش وردە کلتوری لادەرانە لای هەرزەکار و گەنجان دروست دەکات و پەنا بۆ ڕەفتاری تاوانکاری و توندوتیژی دەبەن (حسين زاده و ديگران، 2011: 200). واتە کۆهەن پێیوایە ئەم وردە کلتوری لادەرانەی لای گەنجانی چینی خوارو دروست دەبێت، وەك وەڵامدانەوەیەکە بۆ ئەو نائومێدیەی لە ئەنجامی نەگەشتنی بە پێگە و باردۆخێکی بەرزی ئابوری و کۆمەڵایەتی دروستبووە. لە کاتێکدا چینی ناوەڕاست دەتوانن بە هۆی پێگەی باشی ئابوری و کۆمەڵایەتیی خێزانەکانیان پارێزگاری لە پێگەی ئابوری و کۆمەلایەتییان بکەن(جوانمرد، 2011: 114-115).

ئەم تیۆرە پەیوەستییەکی تەواوی بە ناونیشانی توێژینەوەکەمان و ڕۆژگاری ئێستای خوێندکارانی زانکۆ هەیە، چونکە ئەو خوێندکارانەی پێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتیی خێزانەکانیان نزمە بۆ بەرزکردنەوەی پێگەیان ئامرازی خوێندنیان لە زانکۆ گرتۆتەبەر. ئەمەش ئامرازێکی قبوڵکراوە لە لایەن کۆمەڵگە و تەواوی ئەم دامەزراوەیەش هانیاندەدات بۆ گەیشتن بە پێگەیەکی بەرز لە داهاتو، بەڵام لەلایەك دەبینن دوای تەواوکردنی زانکۆ ئەگەری دامەزراندن و پەیداکردنی کارێکی دروست لاوازە و لەلایەکی تریش خێزانەکانیان ئەو پێگە بەرزەی ئابورییان نییە و ناتوانن ئامانجەکانیان بگەن و پێگەی کۆمەڵایەتیەتی و ئابوریيان بە ئاسانی بەرز بکەنەوە. لەبەرامبەردا ئەو خوێندکارانەی پێگەی ئابوریی خێزانەکانیان بەرزە سەرباری ئەوەی کە دانامەزرێن، ئەوا لە ڕێگەی خێزانەکانیان توانای کار و بەدەستهێنانی پێگەی بەرزی کۆمەڵایەتییان هەیە. کاتێکیش ئەو خوێندکارانەی پێگەی نزمی ئابورییان هەیە، ناتوانن ڕکابەری خوێندکارانی چینی ناوەڕاست بکەن؛ نائومێدی لایان دروستدەبێت و ئەگەری ئەوەی هەیە وردە کلتوری لادەرانەیان لا دروستببێت و ئامرازێکی نا دروست بۆ گەیشتن بە ئاماجەکانیان بەکاربهێنن.

هاوکات لەکاتی خوێندن دەبینن ئەوانەی سەر بە چینی ناوەڕاست و بەرزن، توانای گەیشتن بە ئامانجەکانیان هەیە، ئەوانیش خۆیان بەو چینە بەراودرد دەکەن و ناتوانن بە هەمان شێوەی ئەوان بە ئامانجەکانیان بگەن؛ توشی نائومێدی دەبن. بە پێی تێڕوانینی ئەم تیۆرەش لەم باردۆخەدا وردە کلتوری لادەران و ڕەفتاری توندوتیژی وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو نائومێدیە لای خوێندکاران دروست دەبێت.




شێوەی (١) دروستبونی شێوەکانی توندوتیژی بەپێی هەردو تیۆری نائومێدیی پێگە و شەڕانگێزی-کاری توێژەران

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp58-72

**٥. شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی:**

شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی زۆرن و چەندین پۆلێنبەندی جیاوازی بۆکراوە، بەڵام لەم توێژینەوەیە ئاماژە بەو شێوانە دەکەین، کە گرنگن، یاخود بە دەربڕینێکی تر ئەو شێوانە ئاماژە پێدەدەین، کە توێژەران لە لایەنی مەیدانی هەوڵیانداوە کاری لەسەر بکەن.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ساڵی (2002) ڕەفتاری توندوتیژی بە پێی ئاراستەکەی بۆ سێ جۆر دابەشکردووە: "توندوتیژی بە ڕوی خودا، توندوتیژیی نێوان کەسەکان، توندوتیژیی بەکۆمەڵ" (حكمة و اخرون، 2011: 16). هاوکات چوار شێوەی ڕەفتاری توندوتیژیی دیاریکردووە ئەوانیش: "جەستەیی، زارەکی، فەرهەنگی، سێکسی"( پور و دیگران، 2019: 138). هەروەها چەندین جۆری تری ڕەفتاری توندوتیژی هەیە وەك توندوتیژیی (خێزانی، کۆمەڵایەتی، دەرونی، ئابوری، سیاسی). لەگەڵ ئەوەشدا ڕەفتاری توندوتیژی هەر جۆرێك بێت، بە یەکێك یاخود زیاتر لە یەکێك لەم شێوانەی خوارەوە ئەنجامدەدرێت:

**أ- توندوتیژیی جەستەیی:** ئەم جۆرە توندوتیژییە بریتییە لە ئازارگەیاندن بە جەستەی کەسی بەرانبەر وەك: پاڵپێوەنان، لێدان، ڕاکێشانی جل و قژ، زلە لێدان، هێرشکردن بە دار و کێبل و ئامرازی مەترسیدار وەك چەقۆ، لێدان تا ئاستی شینبونە و شکاندن و خوێن لێهێنان( محمدی و میرزائی، 2011: 17).

**ب- توندوتیژیی زارەکی:** یەکێکە لە جۆرە باوەکانی توندوتیژی، کە کۆمەڵێك ڕەفتاری فراوان لە خۆ دەگرێت وەك: هەڕەشەی زارەکی، تۆمەتبارکردن، لۆمەکردن، لاوازکردن و بیانوپێگرتن (رضاپور، 2016: 136).

ج- **توندوتیژیی هێمایی:** ئەم شێوە توندوتیژییە خۆی لە بەکارهێنانی هەندێك ڕێگەی هێمایی و دەبڕین دەنوێنێت، وەکو هەندێك جوڵە و هێما مانا بێت بۆ ئازاردانی هەستی بەرامبەر، ئەمەش شوێنەواری کۆمەڵایەتی و دەرونی و ئەقڵی جێدەهێڵێت بەسەر ئەو کەسەی کە توندوتیژیەکەی ئاراستەکراوە (یونس،2020: 349). هەروەها ئەم شێوە توندوتیژیە بە توندوتیژیەکی نەرم و قبوڵکراو هەژمار کراوە. وەکو چۆن زانای کۆمەڵناسی (بیر بۆردیو -Pierre Bourdieu ) دەربارەی توندوتیژیی هێمایی دەڵێت:" توندوتیژیی هێمایی توندوتیژییەکی نەرم و شاراوە و بێدەنگە، کە دەبێتەهۆی قبوڵکردن و ملکەچبونی لەلایەن ئەو کەسەی توندوتیژیەکەی ئاراستەکراوە" قوربانییەکان" (بوردیو، 1990: 8-9).

**٦. چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە:**

**٦. ١میتۆدی توێژینەوەکە - Study Method**

میتۆدی بەکارهاتو لەم توێژینەوەیە، بریتییە لە میتۆدی پەسنی بە ڕێگەی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەنمونە، کە تێیدا ئامار و داتاکان لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کۆدەکرێتەوە و بە شێوەی خشتە و وێنە دەخرێتەڕو، بەئامانجی ئەوەی واقیعی پەیوەندی و جیاوازیی نێوان گۆڕاوەکان و تاکەکانی توێژینەوەکە بخاتەڕو.

**٦. ٢ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (Community)**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە سەرجەم خوێندکارانی خوێندنی بەیانیانی(کەمپەسی ڕانیە) لە زانکۆی ڕاپەڕین لەخۆدەگرێت. کە بەپێی دوایین ئاماری زانکۆی ڕاپەڕین بۆ ساڵی خوێندنی (2023-2024) لە(3308) خوێندکار پێکهاتووە.

**٦. ٣ نمونەی توێژینەوەکە (Sample)**

لەم توێژینەوەیەدا، پەنا بەراوەتە بەر نمونەی هەڕەمەکی چینایەتی لە جۆری نارێژەیی(Disproportionate stratified sampling)، واتە بە شێوەیەکی یەکسان قەبارەی نمونە لە هەر کۆلێژێك وەرگیراوە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕێژەی هەر کۆلێژێك لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە. هەروەها قەبارەی ڕەگەزیش بەهەمان شێوە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕێژەی ڕەگەزی نێر و مێ لە کۆمەڵگەی توێژینەوە بە شێوەیەکی یەکسان وەرگیراوە، ئەم شێوازە کاتێك بەکاردەهێنرێت، کە هەندێک پێکهاتە و گروپ جێگەی سەرنجی تایبەت بن، و توێژەران دەیانەوێت نوێنەرایەتییەکی گونجاوی ئەو گروپە تایبەتانە لە نمونەکەدا مسۆگەر بکەن، یاخود بیانەوێت بەراورد لە نێوان ئەو گروپانەدا بکەن، کە مەبەستیانە؛ بۆیە لەم توێژینەوەیەدا لە هەر یەك لە کۆلێژەکانی (زانستە مرۆڤایەتییەکان، پەروەردەی بنەڕەت، پەرستاری، زانست، ئەندازیاریی شارستانی) بە ڕێژەی یەکسان (72) خوێندکار وەرگیراوە، کە کۆی گشتی بریتییە لە (360)خوێندکار، بە جۆرێك ( 180) مێ و ( 180 ) نێرە. بۆ دیاریکردنی قەبارەی نمونەکە پەنابراوەتە بەر یاسای ئەلفا بە پێی ئاستی گومانی توێژینەوەکە، کە بریتییە لە (0.05).

$$n=\frac{3308}{1+3308\times(0.05)^2}=356\approx 360$$

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp58-72

خشتەی (١)

کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەکە نیشاندەدات

| کۆلێژەکانی کەمپەسی ڕانیە | قۆناغی 1 | قۆناغی 2 | قۆناغی 3 | قۆناغی 4 | سیستەمی ئەمریکی | نێر | مێ | کۆمەڵگە | نمونە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ز.مرۆڤایەتییەکان | 184 | 258 | 254 | 194 | | 288 | 602 | 890 | 72 |
| پەروەردەی بنەڕەت | 380 | 343 | 238 | 217 | 210 | 377 | 1011 | 1388 | 72 |
| زانست | 293 | 166 | 113 | 123 | | 224 | 471 | 695 | 72 |
| پەرستاری | 83 | 49 | 45 | 46 | | 57 | 166 | 223 | 72 |
| ئەندازیاریی شارستانی | 45 | 33 | 18 | 16 | | 77 | 35 | 112 | 72 |
| کۆی گشتی | 985 | 849 | 668 | 596 | 210 | 1023 | 2285 | 3308 | 360 |

## ٧. ئامراز و کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە

### ٧. ١پێوەری نائومێدی

**أ. وەسفی پێوەرەکە:** بۆ پێوانەکردنی نائومێدی، توێژەران سودیان لە سەرچاوەی جیاواز وەرگرتووە. سود لە پێوەری نائومێدیی (کارول)وەرگیراوە بەگۆڕانکارەییەوە. هاوکات سود لە هەردو تیۆری نائومێدیی (ئەلبەرت کۆهەن و جۆن دۆلارد) وەرگیراوە. بە شێوەی سەرەتایی پێوەرکە لە (32) بڕگە پێکهاتبو.

**ب. تایبەتمەندییە سایکۆسۆسیۆمەترییەکان**

**١. ڕاستیی بونیادی** - Contract Validity: ئەم جۆرە لە ڕاستی، بە یەکێك لە ڕێگە زانستی و باوەڕپێکراوەکان دادەنرێت، کە پەیوەندیی نێوان نمرەکانی پێوەرکە بە نمرەی گشتیی پێوەرەکە نیشان دەدات، بۆ ئەومەبەستەش توێژەر سودی لە هاوکۆلکەی پێرسۆن وەگرتووە، بە جۆرێك پێوەرکە لە (32) بڕگە پێکهاتبو، وەکو لە(2) خشتەی خوارەوە دەبینرێت، (28) بڕگە پەیوەستییەکی بەڵگەداریان لەگەڵ ۆی پێوەرەکەیان هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.05)، بۆیە ئەو بڕگانە وەکو خۆیان دەمێننەوە، بەڵام بڕگەکانی(3، 10، 20، 21) پەیوەستی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی پێوەرەکەیان نەبو، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ((P-Value>0.05)، بۆیە ئەم چوار بڕگەیە دەسڕێنەوە.

خشتەی(٢)

ڕاستیی بونیادی پێوەری نائومێدی ڕوندەکاتەوە

| بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 0.398* | 9 | 0.792** | 17 | 0.532** | 25 | 0.721** |
| 2 | 0.644** | 10 | 0.237 | 18 | 0.547** | 26 | 0.437* |
| 3 | 0.280 | 11 | 0.629** | 19 | 0.586** | 27 | 0.879** |
| 4 | 0.879** | 12 | 0.474** | 20 | 0.289 | 28 | 0.541** |
| 5 | 0.747** | 13 | 0.780** | 21 | 0.247 | 29 | 0.718** |
| 6 | 0.718** | 14 | 0.524** | 22 | 0.471** | 30 | 0.418* |
| 7 | 0.541** | 15 | 0.483** | 23 | 0.623** | 31 | 0.604** |
| 8 | 0.815** | 16 | 0.630** | 24 | 0.444* | 32 | 0.587** |

**** P-Value<0.01    * P-Value<0.05 N=35**

**2. جێگیری "Reliability" بۆ پێوەری نائومێدی** : توێژەران بۆ جێگیریی پێوەری نائومێدی هەردو ڕێگەی (test retest, Internal Consistency) بەکارهێناوە، کە هەریەکێك لەو تاقیکردنەوانە ئاستێکی بەرزی هەیە بۆ جێگیربونی هەر پێوەرێك:

✓ **ڕێگای دوبارە تاقیکردنەوە** -test retest : بۆ ئەو مەبەستە توێژەران بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بە ڕەچاوکردنی جیاوازیە دیمۆگرافییەکانی خوێندکاری زانکۆی ڕاپەڕین نمونەیەکی (35) کەسییان وەرگرتووە. دوای (دو هەفتە) هەمان نمونە وەگیراوەتەوە و پێوەری نائومێدییان بەسەردا دابەشکراوەتەوە. دواتر لە ڕێگەی ( تاقیکردنەوەی پێرسۆنەوە) پەیوەستیی نمرەکانی تاقیکردنەوەی یەکەم و نمرەکانی تاقیکردنەوەی دووەم دەرهێنراوە، کە ڕێژەی پەیوەستیی هەردو تاقیکردنەوەکە

(0.828) بو. ئەم ڕێژەیەش ئاستێکی بەرزی جێگیریی پێوەرەکە نیشاندەدات. بڕوانە خشتەی(3).

✓ **چۆنایەتیی ناوخۆیی-** Internal Consistency: توێژەران ســـودیان لە هاوکۆلکەی ئەلفا کرۆنباخ وەرگرتووە. چونکە ئەم هاوکۆلکەیە گونجاوە بۆ نیشـــاندانی ئاســتی جێگیریی پێوەرەکە. وەکو لە خشــتەی (3)دەبینرێت، بەهای ئەلفای کرۆنباخ پێوەری نائومێـدی بریتییە لە(0.840) ، ئەمەش بە ئـاســـتێکی بەرزی جێگیری دادەنرێت. هاوکات توێژەران پێوەرەکەیان بۆ دونیوە کەرتی بڕگەی جوت و تاك لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی (دونیوەکەرتی گۆتمان) ئەنجامدا، کە بەهای گۆتمان بریتیی بوو لە (0.851)، ئەمەش ئاستێکی بەرزە بۆ جێگیریی هەر پێوەرێك.

خشتەی (٣)

ئاستی جێگیری بۆ پێوەری نائومێدی نیشان دەدات

| ناونیشانی پێوەر | ژمارەی بڕگە | دوبارە تاقیکردنەوە | ئالفای کرۆنباخ | گۆتمان |
|---|---|---|---|---|
| نائومێدی | 28 | 0.828 | 0.940 | 0.951 |

N=35

**٢.٧ پێوەری شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی**

**أ. پەســـنی پێوەرکە:** بۆ پێوانەکردنی شـــێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی، توێژەران ســـودیان لە چەند ســـەرچاوەیەکی جیاواز وەرگرتووە. بۆ بڕگەکانی ڕەفتاری توندوتیژیی هێمایی سود لە (الخزرجي و الحلو، 2018) وەرگیراوە بە گۆڕانکارییەوە. بە شـــێوەیەکی ســـەرەتایی لە(8) بڕگە پێکهاتبو. بۆ بڕگەکانی ڕەفتاری توندوتیژیی (جەســـتەیی و زارەکی) ســـود لە(الجبريني،2018) و(العتوم و دراغمة،2014) وەرگیراوە، بە گۆڕانکارییەوە. بە شـــێوەیەکی ســـەرەتایی توندوتیژیی جەســـتەیی لە(14) بڕگە و توندوتیژیی زارەکیش لە (11) بڕگە پێکهاتبو.

**ب. تایبەتمەندییە سایکۆسۆسیۆمەترییەکان**

**1- ڕاســـتیی بونیادی** - Contract Validity: بەهەمان شـــێوەی پێوەری نائومێدی، توێژەران ســـودیان لە هاوکۆلکەی پێرســـۆن وەرگرتووە. وەکو لە(4) خشـــتەی خوارەوە دەبینرێت. توندوتیژیی جەســـتەیی (12) بڕگە و توندوتیژیی زارەکی (10) بڕگە پەیوەســـتێکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەیدا هەیە. ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.05)، بۆیە ئەو بڕگانە وەکو خۆیان دەمێننەوە، بەڵام بڕگەکانی(4،9) لە توندوتیژیی جەستەیی و بڕگەی (8) لە توندوتیژیی زارەکی، پەیوەســـتی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی تەوەرەکەیان نەبو. ئەمەش بە لەبەرچـاوگرتنی ئەوەی کە ((P-Value>0.05)، بۆیە ئەم بڕگـانە دەسڕێنەوە. هاوکات توندوتیژیی هێمایی کۆی بڕگەکانی پەیوەستییەکی بەڵگەداریان هەیە. هیچ بڕگەیەکی نەسڕاوەتەوە، بۆ زانیاریی زیاتریش بڕوانە خشتەی (4).

خشتەی (٤)

ڕاستیی بونیادی بۆ پێوەری شێوەکانی توندوتیژی نیشان دەدات

| شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست | بڕگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جەستەیی | 1 | 0.818$^{**}$ | 5 | 0.822$^{**}$ | 9 | 0.398 | 13 | 0.700$^{**}$ |
| | 2 | 0.700$^{**}$ | 6 | 0.617$^{**}$ | 10 | 0.643$^{**}$ | 14 | 0.772$^{**}$ |
| | 3 | 0.519$^{*}$ | 7 | 0.456$^{*}$ | 11 | 0.491$^{*}$ | | |
| | 4 | 0.204 | 8 | 0.720$^{**}$ | 12 | 0.475$^{*}$ | | |
| زارەکی | 1 | 0.463$^{*}$ | 4 | 0.688$^{**}$ | 7 | 0.707$^{**}$ | 10 | 0.604$^{**}$ |
| | 2 | 0.599$^{**}$ | 5 | 0.455$^{*}$ | 8 | 0.067 | 11 | 0.597$^{*}$ |
| | 3 | 0.672$^{**}$ | 6 | 0.718$^{**}$ | 9 | 0.722$^{**}$ | | |
| هێمایی | 1 | 0.574$^{*}$ | 4 | 0.671$^{**}$ | 7 | 0.500$^{*}$ | | |
| | 2 | 0.808$^{**}$ | 5 | 0.895$^{**}$ | 8 | 0.412$^{*}$ | | |
| | 3 | 0.609$^{**}$ | 6 | 0.806$^{**}$ | | | | |

N=35 $^{**}$ P-value<0.01 $^{*}$ p-Value<0.05

**2. جێگیری "Reliability" بۆ پێوەری شـــێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی :**

توێژەران بۆ جێگیریی پێوەری شـــێوەکانی توندوتیژی، هەردو ڕێگەی ( test retest, Internal Consistency بەکارهێناوە:

✓ **ڕێگای دوبارە تاقیکردنەوە-** test retest : بەهەمان شـــێوەی پێوەری نائومێدی، هەمان ڕێکاریش بۆ پێوەری شـــێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی ئەنجامدراوە. وەك لە خشـــتەی (5) دەردەکەوێت.کە بەهای پەیوەســـتی هەردو تاقیکردنەوەکە بۆ توندوتیژیی جەســـتەیی (0.800) و توندوتیژیی زارەکی(0.795) و توندوتیژیی هێمایی (0.803)بو. کۆی گشـــتیی

پێوەرکەش بەهای پەیوەستییەکەی (0.801) بو. ئەم ڕێژەیەش ئاستێکی بەرزی جێگیریی پێوەرکە نیشاندەدات.

✓ **چۆنایەتیی ناوخۆیی- Internal Consistency:** وەکو لە خشتەی (5)دەبینرێت، بەهای ئەلفای کرۆنباخ توندوتیژیی جەستەیی بریتییە لە(0.786) و توندوتیژیی زارەکی(0.719) و توندوتیژیی هێماییش(0.770)، کۆی گشتیی پێوەرەکەش بەهاکەی(0.750)ە. ئەمەش بە ئاستێکی باشی جێگیری دادەنرێت. هاوکات توێژەران پێوەرەکەیان بۆ دونیوە کەرتی بڕگەی جوت و تاك لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی (دو نیوەکەرتی گۆتمان) ئەنجامدا. کە بەهای گۆتمانی توندوتیژیی جەستەیی بریتی بوو لە (0.781) و توندوتیژیی زارەکی (0.800) و توندوتیژیی هێماییش (0.728). هاوکات کۆی گشتیی پێوەرەکەش بەها گۆتمانی (0.773) بو. ئەمەش ئاستێکی باشە بۆ جێگیریی هەر پێوەرێك.

خشتەی (٥)

ئاستی جێگیری بۆ پێوەری شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی نیشان دەدات

| شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی | ژمارەی بڕگە | دووبارە تاقیکردنەوە test-retest | ئەلفای کرۆنباخ- Alpha's Cronbach | گۆتمان Guttman Split-Half Coefficient |
|---|---|---|---|---|
| جەستەی | 12 | 0.800 | 0.786 | 0.781 |
| زارەکی | 10 | 0.795 | 0.719 | 0.800 |
| هێمایی | 8 | 0.803 | 0.770 | 0.728 |
| کۆی گشتی | 30 | 0.801 | 0.750 | 0.773 |

**N = 35**

### ٨. نۆرماڵیتی داتاکان " دابەشبونی سروشتیی داتاکان"

بۆ دابەشبونی سروشتیی داتاکان، سودمان لە تاقیکردنەوەی ( Kolmogorov-Smirnov) وەرگرتووە، هەرکاتێك ئەنجامی بەدەستهاتوی تاقیکردنەوەکە گەورەتر بێت لە ئاستی گومانی ( 0.05)، ئەوا ئاماژەیە بۆ نۆرماڵبونی داتاکان. بە پێچەوانەوە، هەرکاتێك ئەنجامی بەدەستهاتوی تاقیکردنەوەکە بچوکتر بو لە ئاستی گومانی (0.05) ئەوا دەردەکەوێت داتاکان نۆرماڵ نین. وەك لە خشتەی (6) دەردەکەوێت. بەهای تاقکردنەوەکە بریتییە لە ( p.value > 0.05) ؛بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین، کە داتا بەدەستهاتووەکان بەشێوەیەکی سروشتی دابەشبونە، بەمەش دەتوانین سود لە ئامارە پارامەترییەکان وەربگرین.

خشتەی (٦)

دابەشبونی سروشتیی داتاکان نیشاندەدات

| پێوەر | ژمارەی نمونە | Kolmogorov-Smirnov | |
|---|---|---|---|
| | | p.value | Z |
| نائومێدی | 360 | 0.271 | 1.301 |
| توندوتیژی بە گشتی | 360 | 0.183 | 1.052 |

## ٩. گەنگەشەکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بە پێی ئامانجەکان

**ئامانجی یەکەم: پێوانەکردنی ئاستی ( نائومێدی و شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی) لای بەشداربووانی نمونەی توێژینەوەکە**

1- بەمەبەستی پێوانەکردنی ئاستی نائومێدی لای بەشداربووانی نمونەی توێژینەوەکە، توێژەران سودیان لە ئاماری پەسنی وەرگرتووە، وەك لە خشتەی ( 7) دەرکەتووە، ناوەندی ژمێرەیی نائومێدی بریتییە لە (2.47) کە دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی " بەکەمی" و "هەندێکجار" ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە نائومێدی لە نێوان بەشداربووانی نمونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی نزمدایە، بەلادانی پێوەری کەم، کە بریتییە (0.612) ئەمەش دەریدەخات لە پێوەری نائومێدی جیاوازیی نێوان بەشداربووانی نمونەی توێژینەوەکە کەمە. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی توێژینەوەکەی (ذیاب،2011)ە، کە بەو ئەنجامە گەیشتبو؛ نائومێدی لای خوێندکارانی زانکۆ بە شێوەیەکی گشتی هەیە.

2- بەمەبەستی پێوانەکردنی ئاستی شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی، بەهەمان شێوە توێژەران سودیان لە ئاماری پەسنی وەرگرتووە، وەك لە خشتەی (7) دەرکەوتووە :

**أ- لە ڕەهەندی توندوتیژیی جەستەیدا:** دەرکەوتووە ناوەندی ژمێرەیی (1.85)ە، دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی " بەکەمی" و " هەرگیز"، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە توندوتیژیی جەستەیی لە نێوان بەشداربووانی نمونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی نزمدایە، بەلادانی پێوەری کەم، کە برتییە لە (0.733)، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات لە ڕەهەندی توندوتیژیی جەستەییدا جیاوازیی نێوان بەشداربووانی نمونەی توێژینەوەکە کەمە، بەڵام ئەم ڕەهەندە بە بەراورد بە ڕەهەندەکانی تر کەمێك ئاستی بەرزترە.

**ب- لە ڕەهەندی توندوتیژیی هێمایی:** دەرکەوتووە ناوەندی ژمێرەیی (1.79)یە، کە دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی "بەکەمی" و " هەرگیز"، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە توندوتیژیی هێمایی لە نێوان نمونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، بەلادانی پێوەری کەم، کە بریتییە لە (0.720)، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات لە ڕەهەندی توندوتیژیی هێمایی جیاوازیی نێوان بەشداربووانی نمونەی توێژینەوەکە کەمە.

**ج - لە ڕەهەندی توندوتیژیی زارەکی:** دەرکەتووە ناوەندی ژمێرەیی (1.71)ە، دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی " بەکەمی" و "هەرگیز" ئەمەش دەرخەری ئەوەیە توندوتیژیی زارەکی لە نێوان نمونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی زۆر نزمدایە، بەلادانی پێوەری کەم، کە برتییە لە (0.682)، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات لە ڕەهەندی توندوتیژیی زارەکی جیاوازیی نێوان بەشداربووانی نمونەی توێژینەوەکە کەمە.

**د- توندوتیژی بە شێوەیەکی گشتی:** دەرکەتووە ناوەندی ژمێرەیی (1.79)یە، دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی "بەکەمی" و "هەرگیز" ئەمەش دەرخەری ئەوەیە توندوتیژی بە شێوەیەکی گشتی لە نێوان بەشداربووانی نمونەی توێژینەوەکە لە

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp58-72

ئاستێکی زۆر نزمدایە، بەلادانی پێوەری کەم، کە برتییە لە (0.672)، ئەمەش ئەوە نیشاندەدات لە ڕەهەندی توندوتیژی بە شێوەیەکی گشتی جیاوازیی نێوان بەشداربوانی نمونەی توێژینەوەکە کەمە. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی ئەنجامی توێژینەوەکەی (حسین، 2014)یە؛ کە گەیشتبو بەو ئەنجامەی توندوتیژی لای نمونەی توێژینەوەکەی لە ئاستێکی مامناوەند دایە.

خشتەی (7)

داتای پەسنیی پێوەری نائومێدی و شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی نیشان دەدات

| پێوەر | نزمترین دەرەجە | بەرزترین دەرەجە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ئاست بەگوێرەی بژاردەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| نائومێدی | 1.00 | 4.43 | 2.47 | 0.612 | نزم |
| توندوتیژی جەستەیی | 1.00 | 4.17 | 1.85 | 0.733 | زۆر نزم |
| توندوتیژی هێمایی | 1.00 | 4.34 | 1.79 | 0.720 | زۆر نزم |
| توندوتیژی زارەکی | 1.00 | 3.80 | 1.71 | 0.682 | زۆر نزم |
| توندوتیژی بە شێوەیەکی گشتی | 1.00 | 3.97 | 1.79 | 0.672 | زۆر نزم |

دیاریکردنی ئاستەکان بەگوێرەی بژاردەکانی پێوەرەکان= 5-1/5 = 0.80 (1-1.80، زۆر نزمە) ( 1.81 -2.60، نزم) ( 2.61 -3.40، ناوەند) (3.41-4.20، بەرز) (4.21-5، زۆر بەرز).

**ئامانجی دووەم: دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە**

**1- ڕەگەز**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافیی ڕەگەز لەسەر (نائومێدی و شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی) توێژەران سودیان لە تاقیکردنەوەی (t) بۆ دونمونەی سەربەخۆ (Independent Samples t-test) وەرگرت کە تێدا ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێر و مێ پێکەوە بەراورد دەکرێت. وەکو لە خشتەی ( 8) دەردەکەوێت:

**أ- سەبارەت بە نائومێدی :** بە سەرنجدان بەوەی (P-Value<0.05) و بەهای (t) دەرهێنراو (3.256) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی (1.965) بە نمرەی ئازادی (358)؛ بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین" کە جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا هەیە. هۆکاری ئەم جیاوازییەش بۆ ڕەگەزی نێر دەگەڕێتەوە، چونکە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێر بەرزترە لە ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی مێ. ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کە ڕەگەزی نێر زیاتر لە ڕەگەزی مێ نائومێدن. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی هەر یەك لە توێژینەوەکانی (ذیاب،2011) و (پارسامهر و دیگران، 2020)ە؛ کە بەو ئەنجامە گەیشتبون کە نائومێدی زیاتر لای ڕەگەزی مێ هەیە، بەبەراورد بە ڕەگەزی نێر. دەشێت هۆکاری زیاتر بوونی نائومێدی لای ڕەگەزی نێر لەم توێژینەوەدا بۆ باردۆخی سەختی ژیانی ئێستا و زۆربوونی داواکارییەکان، نەبوونی هەلی کار و دامەزراند بگەڕێتەوە. وەك دیارە لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا زیاتر خەرجی و خۆبژێوی سەربەخۆ و خەرجیەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەسەر ڕەگەزی نێرە . بە پێچەوانەوە ڕەگەزی مێ کەمتر ئەم فشارە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی لەسەرە . بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە خوێندکارانی ڕەگەزی نێر بە هۆی ئەوەی کە نیگەرانی داهاتون لە نەبونی کار، پڕۆسەی هاوسەرگیری و بەرپرسیارێتی، بۆیە ئەمەش کاریگەریی زیاتری دەبێت لەسەر دروستبونی هەستی نائومێدی لای ئەوان.

**ب- سەبارەت بە پێوەری توندوتیژی**، لە هەریەکە لە ڕەهەندەکانی توندوتیژیی (جەستەیی، زارەکی، هێمایی و توندوتیژی بە گشتی)، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا بەدیدەکرێت. بە سەرنجدان لەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی و هەروەها (P-Value<0.05) بە نمرەی ئازادی (358). هۆکاری ئەم جیاوازییەش لە ڕەهەندەکانی توندوتیژیی (جەستەیی ، هێمایی و توندوتیژی بەگشتی) بۆ ڕەگەزی نێر دەگەڕێتەوە، کە لە هەر سێ ڕەهەندەکەدا ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی نێر بەرزترە لە ڕەگەزی مێ . بۆیە دەتوانین بڵێین ڕەگەزی نێر بەبەراورد بە ڕەگەزی مێ زیاتر ڕەفتاری توندوتیژی بە شێوەی جەستەیی و هێمایی ئەنجامدەدات. سەبارەت بە توندوتیژیی زارەکی بەهۆی ئەوەی ناوەندی ژمێرەیی ڕەگەزی مێ لە ڕەگەزی نێر بەرزترە، واتە ڕەگەزی مێ زیاتر لە ڕەگەزی نێر توندوتیژیی زارەکی ئەنجام دەدات، ئەم ئەنجامەش هاوشێوەی توێژینەوەکەی (پارسامهر و دیگران، 2020)ە سەبارەت بە توندوتیژیی زارەکی.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp58-72

خشتەی (٨)

جیاوازیی نێوان ڕەگەزی "نێر و مێ" لە پێوەری نائومێدی و شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی نیشاندەدات

| گۆڕاوی دیمۆگرافی | | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | جیاوازیی ناوەندەکان | p- value | بەهای (ت) | | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| نائومێدی | نێر | 180 | 2.57 | 0.603 | 0.50 | 0.001 | 3.256 | 1.965 | بەڵگەدارە |
| | مێ | 180 | 2.07 | 0.605 | | | | | |
| توندوتیژی جەستەیی | نێر | 180 | 2.18 | 0.811 | 0.64 | 0.000 | 9.305 | 1.965 | بەڵگەدارە |
| | مێ | 180 | 1.53 | 0.406 | | | | | |
| توندوتیژی زارەکی | نێر | 180 | 1.44 | 0.513 | 0.53 | 0.000 | 8.091 | 1.965 | بەڵگەدارە |
| | مێ | 180 | 1.98 | 0.724 | | | | | |
| توندوتیژی هێمایی | نێر | 180 | 2.08 | 0.765 | 0.58 | 0.000 | 8.471 | 1.965 | بەڵگەدارە |
| | مێ | 180 | 1.49 | 0.530 | | | | | |
| توندوتیژی بە گشتی | نێر | 180 | 2.08 | 0.726 | 0.59 | 0.000 | 9.305 | 1.965 | بەڵگەدارە |
| | مێ | 180 | 1.48 | 0.450 | | | | | |

**N= 360 df= 358**

**2- کۆلێژ**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافیی کۆلێژ لەسەر ( نائومێدی)، توێژەران سودیان لە تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (One-Way ANOVA) وەرگرت کە بۆ دەرهێنانی جیاوازیی نێوان سێ گروپ و زیاتر بەکاردێت. وەك لە خشتەی (9) دەرکەوتووە، جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان گروپەکاندا نییە، ئەمەش بە سەرنجدان لەوەی کە ئاستی بەڵگەداری لە ئاستی گومانی توێژینەوەکە (0.05) گەورەترە. واتە خوێندکاران لەهەر کۆلێژکدا بن لە ئاستی نائومێدیدا جیاوازیان نییە.

خشتەی (٩)

کاریگەریی گۆڕای دیمۆگرافیی کۆلێژ لە سەر پێوەری نائومێدی نیشان دەدات

| پێوەر | گروپەکان | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نائومێدی | زانستە مرۆڤایەتییەکان | 72 | 2.38 | 0.57 | 0.916 | 0.455 بەڵگەدار نییە |
| | پەروەردەی بنەڕەت | 72 | 2.47 | 0.56 | | |
| | پەرستاری | 72 | 2.43 | 0.64 | | |
| | زانست | 72 | 2.57 | 0.68 | | |
| | ئەندازیاری شارستانی | 72 | 2.50 | 0.57 | | |
| | کۆی گشتی | 360 | 2.47 | 0.61 | | |

**3- ئاستی ئابوریی خێزان**

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافیی ئاستی ئابوریی خێزان لەسەر (نائومێدی) توێژەران سودیان لە تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (One-Way ANOVA) وەرگرت کە بۆ دەرهێنانی جیاوازیی نێوان سێ گروپ و زیاتر بەکاردێت. وەك لە خشتەی (10) دەرکەوتووە، جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان گروپەکاندا هەیە، ئەمەش بە سەرنجدان لەوەی، کە ئاستی بەڵگەداری لە ئاستی گومانی توێژینەوەکە (0.05) بچوکترە.

خشتەی (10)

کاریگەریی گۆڕاوی دیمۆگرافیی کۆلێژ لەسەر پێوەری نائومێدی نیشان دەدات

| پێوەر | گروپەکان | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نائومێدی | باش | 176 | 2.32 | 0.56 | 31.67 | 0.000 بەڵگەدار |
| | مامناوەند | 114 | 2.56 | 0.57 | | |
| | خراپ | 70 | 3.14 | 0.53 | | |
| | کۆی گشتی | 360 | 2.47 | 0.61 | | |

بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەوەی کە ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی نێوان کام یەك لە گروپەکان، توێژەران سودیان لە تاقیکردنەوەی (لانیکەمی جیاوازیی بەڵگەداری فیشەر = Fisher least Significant Difference Fisher LSD) وەرگرت. وەکو خشتەی (11) نیشان دەدات: لە نێوان هەمو گروپەکانی ئاستی ئابوریی خێزان جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری هەیە سەبارەت بە نائومێدی، ئەمەش بەسەرنجدان لەوەی پەیوەندیی نێوان گروپەکان لەگەڵ یەکتری (P-Value<0.05). بە سەرنجدان لە ناوەندی ژمێرەیی گروپەکان دەردەکەوێت ،

ئەو خوێندکارانەی ئاستی ئابوریی خێزانیان خراپە، ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (3.14) کە بەرزترین ئاست لە نائومێدی نیشان دەدات، دواتر ئەو خوێندکارانەی ئاستی ئابوریان مامناوەندە بریتییە لە (2.56)، دواتر ئەوانەی ئاستی ئابوریان باشە (2.32)، ئەمەش واتای وایە هەرچەندە باری ئابوریی خێزان خراپ بێت؛ زیاتر نائومێدی دەردەکەوێت. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ تیۆری (نائومێدیی پێگەی کۆهەن ) یەکدەگرێتەوە؛ ئەم تیۆرە پێیوایە نزمیی پێگەی ئابوری هۆکارە بۆ دەرکەوتنی نائومێدی لای تاك، بەڵام لەگەڵ ئەنجامی تویژینەوەکەی (Chatterjee,2016) پێچەوانەیە؛ کە بەو ئەنجامە گەیشتبو کە پێگەی ئابوری پەیوەندیی بە نائومێدییەوە نییە.

خشتەی (١١) تاقیکردنەوەی فیشەر بۆ جیاوازی لە نائومێدی بەگوێرەی ئاستی ئابوریی خێزان نیشان دەدات

| پێوەر | گروپەکان | جیاوازیی ناوەندەکان | P-Value | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| نائومێدی | باش و مامناوەند | 0.23 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | باش و خراپ | 0.81 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | خراپ و مامناوەند | 0.57 | 0.000 | بەڵگەدارە |

**ئامانجی سێیەم: دیاریکردنی پەیوەندی نێوان نائومێدی بە شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی لای بەشداربوانی نمونەی توێژینەوەکە:**

بە پشتبەستن بە تیۆرەکان و توێژینەوەکانی پێشو، توێژەران هەوڵیانداوە ئاست و ئاراستەی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوی نائومێدی و شێوەکانی توندوتیژی بزانن، ئەمەش دوای ئەنجامدان و دڵنیابون لە تەواوی مەرجەکانی هەردوو گۆڕاوەکە. تاقیکردنەوی هاوکۆلکەی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکانیان ئەنجامدا. بە جۆرێك وەك لە خشتەی (12) دا دەرکەوتووە، بەهای دەرهێنراوی پەیوەندیی نێوان نائومێدی و توندوتیژیی جەستەیی بریتییە لە (588)، نائومێدی و توندوتیژیی زارەکی بریتییە لە (571)، نائومێدی و توندوتیژیی هێمایی بریتییە لە (0.551)، لە کۆتاییشدا پەیوەندیی نێوان نائومێدی و توندوتیژی بە گشتی برتییە(0.601)، هاوکات (p-Value < 0.01)، ئەم ئەنجامەش واتای ئەوەیە پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری ڕاستەوانەی مامناوەند لە نێوان نائومێدی و شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژیدا هەیە. واتە هەرچەندە نائومێدی زیاد بکات ئەوا ڕەفتاری توندوتیژی بەگشتی و توندوتیژیی (جەستەیی و زارەکی و هێمایی ) لای بەشداربوانی نمونەی توێژینەوەکە زیاددەکات. بە پێچەوانەشەوە ڕاستە؛ ئاستی شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی کەم دەبێتەوە بە کەمبونەوەی ئاستی نائومێدی، خشتەی ژمارە (12) ئەمە ڕوندەکاتەوە.

خشتەی (١٢) دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان نائومێدی بە شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی لای بەشداربوانی نمونەی توێژینەوەکە

| | گۆڕاو | توندوتیژیی جەستەیی | توندوتیژیی زارەکی | توندوتیژیی هێمایی | توندوتیژی بەگشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| نائومێدی | Pearson Correlation | r/0.588** | r/0.571** | r/0.551** | r/0.601** |
| | ئاستی بەڵگەداری | 0.000 | 0.000 | 0.000 | 0.000 |
| | ژمارەی نمونە | 360 | 360 | 360 | 360 |

**p-value=0.01

ئەنجامی خشتەی سەرەوە لەگەڵ هەردو تیۆری (نائومێدیی شەڕانگێزی- جۆن دۆلارد و نائومێدیی پێگەی کۆهەن) یەکدەگرێتەوە، کە پێیانوایە کاتێك نائومێدی لای تاك دەردەکەوێت، ئەوا زۆربەی جار (شەڕانێگری و توندوتیژی) وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو نائومێدییە دەردەکەوێت، هاوکات پێیانوایە هەرچەندە ئاستی نائومێدی زیادبکات، ئەوا توندوتیژی لای تاك پلەکەی زیاد دەکات، بەشێوەی توندوتیژی جەستەیی و زارەکی و ماددی و هێمایی ڕووەخود، یاخود ئاراستەی تاکەکانی دەوروبەری دەکات، چونکە کۆهەن پێیوایە ئەم نائومێدییە هۆکارە بۆ دروستبونی وردە کلتوری توندوتیژی لای تاك. هاوکات ئەم ئەنجامە لەگەڵ هەر یەکێك لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی (پارسامەر و دیگران، 2020)، (صومعە و دیگران، 2012) یەکدەگرێتەوە، کە گەیشتبون بەو ئەنجامەی نائومێدی و ڕفتاری توندوتیژی پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیان لەنێواندا هەیە. بەڵام پێچەوانەی توێژینەوەکەی (Chatterjee,2016) کە گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی هیچ پەیوەندییەك لە نێوان نائومێدی و شەڕانگێزیدا نییە.

## ١٠. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لە سەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە، ئاستی نائومێدی و شێوەکانی ڕەفتاری توندوتیژی لای بەشدارانی نمونەی توێژینەوەکە، لە ئاستێکی نزمە، توێژەران بە کۆمەڵێک ئەنجام گەیشتون کە بریتین لەوەی:

**1. توانای خۆڕاگری:** ڕەنگە خوێندکاران خاوەنی ئاستێکی باشی خۆڕاگری بن کە یارمەتییان دەدات بە شێوەیەکی کاریگەر ڕوبەڕوی ئاستەنگ و نائومێدییەکان ببنەوە. خۆڕاگری کاریگەریی بەرچاوی هەیە بۆ زاڵبون بەسەر ناخۆشییەکان؛ کە وابکات تاک واقیعانە مامەڵە لەگەڵ دۆخە ناهەموارەکان بکات، تەنانەت لە کاتی نائومێدییش بتوانن بەسەر هەستە نەرێنییەکانیان زاڵبن و ڕەفتاری نەگونجاو و توندوتیژ ئەنجام نەدەن.

**2. هەبونی پاڵپشتی:** بونی پاڵپشتیی بەهێز لە لایەن خێزان و هاوڕێ، دەتوانێت کاریگەریی هەبێت لە کەمکردنەوەی ڕێژەی نائومێدی. هەبونی کەسانێک بۆ قسەکردن و داواکردنی ڕێنمایی، دەتوانێت کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر باشیی دەرونی خوێندکاران هەبێت.

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp58-72

**3. میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبونەوە:** لەوانەیە خوێندکاران میکانیزمی ڕووبەڕووبونەوەی کاریگەر بەکاربهێنن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخی ناهەموار و نائومێدی. ئەمە دەتوانێت ستراتیژیەکانی وەک چارەسەرکردنی کێشەکان، داوای پشتیوانیی کۆمەڵایەتی، یان بەشداریکردن لە چالاکییەکان، کە باشبونی دەرونی بەرەوپێش دەبەن، لەخۆبگرێت.

**4. ژینگەی ئەکادیمی:** ژینگەیەکی ئەکادیمیی ئەرێنی و پاڵپشتیکار دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت، بەتایبەتی کاریگەریی مامۆستاکان لە سەر خوێندکاران و هاوکاریکردنیان لە کاتی هەبونی گرفت و دۆخی ناهەموار، کە هانیان بدەن بە مەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگییەکی تەندروست، باوەڕبەخۆبون و بەخشینی هیوا بە ژیان، ئەوا ڕەنگە خوێندکاران باشتر هەوڵی زاڵبون بەسەر ئاستەنگەکان بدەن.

**5. ڕەفتاری بەرپرسیارانە:** سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە واتە پەیوەندیی نائومێدی بە توندوتیژی و شێوەکانی توندوتیژی، ئەگەری ئەوە هەیە خوێندکاران بەگشتی ڕەفتاری بەرپرسیارانەیان هەبێت، تەنانەت کاتێک ڕووبەڕووی نائومێدی دەبنەوە. ئەمەش دەتوانێت لە ژێر کاریگەریی هۆکارە کولتورییەکان و تەنانەت هۆکاری ئایینی بێت.

**6. نائومێدی و باری ئابوری:** وەک لە لایەنی تیۆری خرایەڕو سەبارەت بە تیۆری (نائومێدیی پێگەی کۆهن) و هەروەها ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش، ئەوانەی باری ئابوریان باشترە، کەمتر ڕووبەڕووی نائومێدی دەبنەوە، بەڵام ئەوانەی دۆخی ئابوریان خراپترە، ئەگەری زاڵبونی نائومێدی بەسەریاندا زیاترە. دەتوانین بڵێین تاکێک کە باری ئابوریی باشترە، ڕەنگە باشتر بتوانێ هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانی بدات، لەبەر ئەوەی ئامراز و کەرەستەکانی گەیشتن بە ئامانجەکانی زیاتر بەردەستە بەبەراورد بە کەسێک کە باری ئابوریی لاوازە. هەروەها ئەو گەنجانەی باری ئابوریی خۆیان یا خێزانەکەیان باشترە، تارادەیەک دڵنیان لە داهاتوی خۆیان و دەتوانن پلانی خۆیان هەبێت، بەڵام کاتێک گەنجێک باری مادی خراپە، ڕەنگە نەتوانێ بە پێی پێویست پلان بۆ داهاتوی دانێت. نیگەرانی سەبارەت بە داهاتوش کاریگەریی بەرچاوی هەیە لەسەر دروستبونی هەستی نائومێدی بەتایبەتی لای گەنجان.

7. **سەبارەت بە پەیوەندیی ڕەگەز بە نائومێدی** وەک لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەرکەوتووە، ڕێژەکە ئەگەر بوونی هەیە ئەوا لای ڕەگەزی نێر زیاترە بەراورد بە ڕەگەزی مێ ، ئەمەش دەکرێت بۆ باردۆخی ژیانی ئێستا و زۆربونی داواکارییەکان، نەبونی هەلی کار و دامەزراند بگەڕێتەوە. وەك دیارە لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا زیاتر خەرجی و خۆبژێوی سەربەخۆ و خەرجیەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەسەر ڕەگەزی نێرە. بە پێچەوانەوە ڕەگەزی مێ کەمتر ئەم فشارە ئابوری و کۆمەڵایەتییانەی لەسەرە.

8. **لە پەیوەندیی نێوان شێوەکانی توندوتیژی** بە ڕەگەز وەک لە ئەنجامەکان دەرکەوت ڕێژەی توندوتیژیی جەستەیی و هێمایی لای ڕەگەزی نێر زیاتر و لە بەرامبەردا ڕێژەی توندوتیژیی زارەکی لای ڕەگەزی مێ زیاترە، ئەمەش دەکرێت بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێتەوە، وەک پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردن و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگا بۆ هەر یەک لە ڕەگەزی نێر و مێ. جیاوازیی بایۆلۆژی، کاریگەریی کولتور و نۆرمەکانی کۆمەڵگا و هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری.

## ١١. ڕاسپاردەکان

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە زانکۆکانی کوردستاندا بۆ بەراوردکردنی ئەنجامەکان.
2. توێژەران توێژینەوە ئەنجام بدەن سەبارەت بە ڕۆڵی مامۆستا و پەیوەندیی بە نائومێدی لای خوێندکارانی زانکۆ.
3. ئەنجامدانی توێژینەوەی تر سەبارەت بە کاریگەریی هۆکارە کولتوری-کۆمەڵایەتییەکان و ئایین لەسەر ڕەفتاری توندوتیژی.
4. ئەنجامدانی توێژینەوەی تر سەبارەت بە کاریگەریی ئایین لەسەر نائومێدی لە لایەن توێژەرانی ترەوە.

## ١٢. سەرچاوەکان


محمود، داستان عمر و خۆشناو، جوان اسماعیل بکر (2023). شێوازی پەروەردەی خێزانی و پەیوەندی بە ڕەفتاری شەڕانگێزی لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری ڕانیە، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی 27، ژمارە 1، بەردەستە لەم لینکە: https://doi.org/10.21271/zjhs.27.1.5

بدوي، أحمد زكي( 1987). معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية،بيروت: مكتبة لبنان.

بورديو، بيير(1990). الرمز والسلطة، ترجمة: عبد السلام العالي، المغرب: دار توبقال للنشر.

الجبريني، اسيل عبدالرحمن (2018). أساليب التنشئة الوالدية وعالقتها بالعنف المدرسي لدى طلبة المرحلة الثانوية في المدارس الحكومية في محافظة الخليل، رسالة ماجستر، فلسطين: جامعة الخليل.

حسين، محمود عطا (2014). أسباب العنف الجامعي وأشكاله من وجهة نظر عينة من الطلبة الجامعيين، مجلة جامعة الأقصى- سلسلة العلوم الإنسانية، المجلد الثامن عشر، العدد الأول، صص168- 196.

حكمة، أيت حمودة و اخرون (2011). مظاهر و أسباب العنف في المجتمع الجزائري من منظور هيئه الجامعة، الوقاية والأرغنوميا مجلة نفسية ـ اجتماعية ـ صحية. محكمة، العدد: 04، صص 11-29.

الخزرجي، فاتن عبدالجبار و الحلو، بثينة منصور(2018). العنف الرمزي، مجلة الأداب، العدد 126، صص192-211.

دافيدوف، لندا. ل. (1992). مدخل علم النفس، ترجمة: محمد عمر وأخرون، ط3، القاهيرة: الدار الدولية للنشر والتوزيع.

ذياب، يحيى (2011). الإحباط وعلاقته ببعض المتغيرات لدى طلبة الجامعات العراقية ، جامعة بغداد: دراسة منشورة في صحيفة الحوار المتمدن، العدد 3512.

عبدالرضا، أسعد طارش و علي، احمد عبدالعباس (2021). التطور الدولي والاقليمي حقوق الشباب، مجلة دراسات دولية، العددان: السادس والثمانون والسابع والثمانون، صص 205-224.

العتوم، عدنان و دراغمة، غادة (2014). العنف الجامعي وعلاقته بالنمو الأخلاقي والمنظومة القيمية لدى طلبة جامعة اليرموك، مجلة المنارة، المجلد العشرون، العدد 2/ب، صص221- 243.

یونس، محمد السيد شلبي (2020). العوامل المرطبة بالعنف لدى الشباب الجامعي و دور الأخصائي الاجتماعي في مواجهتها- دراسة مطبقة على عينة من طلاب كلية العلوم الاجتماعية، مجلة دراسات في الخدمة الاجتماعية والعلوم الإنسانية، العدد٥١، المجلد٢،صص 341-368.

بابائی، محبوبه و دیگران (2013). عوامل و ریشههاي خشونت در بین دانش آموزان دوره دبیرستان آذر شهر، مطالعات علوم اجتماعی ایران، سال دهم، شماره سی و نهم، صص1-12.

برکوتیز، لئونارد (2008). روانشناسی اجتماعی، ترجمه: محمد حسین فرجاد و عباس محمدی اصل، تهران: نشر اساطیر.

پارسامهر، مهربان و دیگران(2020). بررسی رابطه ناکامی و خشونت روانی و کلامی مردان و زنان در خانوادهای شهر اصفهان، مطالعات اجتماعی روان شناختی زنان، سال 18، شماره1، صص 131- 168.

پور، علی بابا و دیگران (2019). بررسی خشونت فیزیکی نسبت به کارکنان اورژانس115دانشگاه علوم پزشکی مازندران وعوامل مرتبط با آن در سال1398، مجله ارتقای ایمنی و پیشگیری از مصدومیت ها، دوره7، شماره3، صص 138-147.

جوانمرد، بهروز (2011). نظریەهای بی سامانی اجتماعی- بی هنجار و فشار، تعالی حقوق، سال سوم، شمارهی 12، صص 105-147.

حسین زاده، علی حسین و دیگران (2011). بررسی جامعه شناختی عوامل مؤثر بر میزان گرایش به نزاع دسته جمعی (مورد مطالعه شهر اهواز)، فصلنامه دانش انتظامي، سال سیزدهم ، شماره دوم، صص191-225.

رضاپور، داریوش (2016). برسی زمیەهای اجتماعی مؤثر بر گرایش به خشونت کلامی در بین دانش اموزان دبیرستانی شهر بوشهر، فصلنامه توسعه اجتماعی (توسعه انسانی سابق)، دوره 11، شماره 2، صص 123-148.

شفرز، برنهارد (2004). مبانی جامەشناسی جوانان، ترجمه: کرامت الله راسخ، تهران: نشرنی.

صومعه، زهرا حضرتی و دیگران (2013). بررسی عوامل اجتماعی پدیده خشونت در بین جوانان، فصلنامه مطالعات راهبردی ورزش و جوانان، دوره12، شماره21، صص45-58.

کرمانی، محدی و سیداباد، جواد حاتمی (2019). مواجهه با خشونت در محیط خانه و عملکرد تحصیلی دانش آموزان - مطالعه موردی :دانش آموزان متوسطه دوره اول شهرستان چناران، مجله علوم اجتماعی دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه فردوسی مشهد، دوره 16، شماره 1، شماره پیاپی 33، صص 57-87.

گیدنز، انتونی(1997). جامعەشناسی، ترجمه: منچهر صبوری، تهران: نشرنی.

محمدی، فیزه و میرزائی، رحمت (2011). بررسی عوامل اجتماعی مؤثر بر خشونت علیه زنان- مطالعه شهرستان روانسر ، Journal of Iranian Social Studies, Vol. 5, No. 4, pp.1-29.

هزارجریبی، جعفر و میرزایی، رحمت (2017). خشونت و جنسیت - تجربه زیسته زنان و مردان شهرستان پاوه، فصلنامه توسعه اجتماعی (توسعه انسانی سابق)، دوره 12 ،شماره 2 ، صص 83-108.

Arblaster, A. (1975). 'What Is Violence?' In R. Milliband & J., Saville, (Eds), The Socialist Register 1975, Merlin Press, London, Pp.224-249.

Aronson, Elliot And Other (2015). Social Psychology, E9, Boston: Inc. Pearson Education.

Breuer, Johannes And Elson, Malte (2017). Frustration–Aggression Theory, In P. Sturmey (Ed.), The Wiley Handbook Of Violence And Aggression, Chichester: Wiley Blackwell, Pp.1-12.

Chatterjee, Suhina (2016) Frustration And Aggression Among Adolescents, Indian Journal Of Applied Research, Volume: 6, Issue: 2, Pp.526-527.

Gulzar, Shazia And Other (2012). Frustration Among University Students In Pakistan, International Research Journal Of Social Sciences, Vol. 1(4), Pp. 7-15.

- Jahan, Anis And Khan, Intakhab Alam (2018). Relevance Of Frustration Theories In The Present Indian Context: An Analysis Of Related Factors, World Wide Journal Of Multidisciplinary Research And Development, 4(2), Pp. 394-400.

Krishnan, Rama Gokula And Sethuramalingam, Vellaiah (2017). Who Are Youth? - The Search For A Comprehensive Definition, Research Directions, Volume 5, Issue3, Pp. 1-5.

Krug, E And Other (2001). Epidemiology Of Violent In Death The World, Injury Prevention, V 7, Pp.104-111.

Morris, C (1993). Psychology An Introduction, New Jersey: Prentice Hall Inc, Englewood Cliff.

Ramirez, J. Martin. (1996). Aggression: Causes And Functions. Journal Of Hiroshima Forum For Psychology, 17, Pp.38- 42.